# چەند هەڵەیەك

# لە بواری دەست نوێژ دا

## گرنگە موسڵمانان ئاگاداری بن

---


الشيخ: إبراهيم بن عبد الله المزروعي

وەرگێرانی

ستافی سایتی وەڵامەكان


==================================================


لە بڵاوكراوەكانی

ماڵپەڕی بەهەشت و وەڵامەكان

ba٨.org

walamakan.com

بسم الله الرحمن الرحيم

الحمد لله رب العالمين والصلاةُ والسلامُ علي خاتم النبيين ، وأشهدُ أن لا إله إلا الله وحده لا شريك له وأشهدُ أن محمداً عبده ورسوله، وبعد:

**ئەم نووسینە پێك دێت لە چەند ئاگاداری و ووریاكردنەوەیەك لەچەند هەڵەیەك كە ئەنجام دەدرێن لە بابەتەكانی پاك و خاوێنی و دەست نوێژ و سەرئاوكردن، كە زۆرێك لە موسڵمانان كەمتەرخەمی تێدا دەكەن و حوكمەكانی نازانن، جا خەڵكی سەبارەت بەم جۆرە هەڵانە دوو جۆرن:**

**جۆرێكیان دەزانن بەوەی كە شەرع نەهی لێ كردووە بەڵام گوێی پێ نادات و ڕەچاوی ناكات.**

**وە جۆرەكەی تریش نەزان ونەفامە بەو حوكمە شەرعیە و تووشی ئەو هەڵەیە دەبێت و ئەگەر بیزانێت خۆی دەپارێزێت.**

## وە ئەمانەی خوارەوە چەند هەڵەیەكن لەو باسە:

**١- سەرئاوكردن بەهۆی دەرچوونی ( با ) وە :** **دەبینی خەڵكی ریزی بەستووە بۆ سەرئاوكردن بەهۆی ئەمەوە، و ئەمەش لەڕاستیدا هەڵەیە و هیچ بەڵگەیەكی شەرعی لەسەر نەهاتووە كە هەر كەس بای لێ دەرچوو دەبێ بچێتە سەرئاو، بەڵكو ئەوەی هاتووە لەشەرعدا ئەوەیە كە دەرچوونی با دەستنوێژ دەشكێنێت و دەبێت كەسەكە دەستنوێژ بگرێتەوە، پێشەوا ئەحمەد دەڵێت: " بەهۆی دەرچوونی با وە پێویست ناكات سەرئاو بكرێت و هیچ بەڵگەیەك لەسەر ئەوە نەهاتووە لە قورئان و فەرموودەدا ".**

**٢- نیەت هێنان بەدەم لەكاتی دەستنوێژ و غوسڵ و مەسح و شتی تردا :** **ئەمەش هەڵەیە چونكە پێغەمبەری خوا ﷺ بە دەم وزمان نیەتی نەهێناوە.**

**شێخی ئیسلام ابن تیمیە (١/٢١٤) دەڵێت:** **" بەدەم نیەت هێنان كەمی وناتەواویە لە عەقڵ و دیندا: لەدیندا لەبەر ئەوەی بیدعەیە، و لە عەقڵیشدا لەبەر ئەوەی ئەو كارە وەكو ئەوە وایە كەسێك**

بیەوێ نان بخوات و بەدەم بڵێت ئەوا من نیەتم هەیە نان بخۆم و وا دەست دەخەمە ناو نانەکەوە، و نیەتم هەیە ئەم تیکەیە ببیەم بۆ دەمم، و بیجوم و پاشان قووتی بدەم و تێر بخۆم، ئەمەش لەڕاستیدا شێتی و نەفامیە ".

**٣- ئاو ڕادانانە ناو دەم ولووت بەشەش جار وبەجیا لەیەکتر، پێشەوا نەوەوی دەڵێت:** " حەقیقەتەکەی ئەوەیە کەبەسێ جار دەبێت واتە بەسێ مشت، کەهەر مشێك کرداری ئاو ڕادانە ناو دەم لووت پێکەوە ئەنجام بدرێت، و فەرموودەی صەحیحیش لەسەر ئەمە هاتووە، بەڵام بەشەش جار وبەجیا لەیەکتر هیچی لەسەر نەهاتووە " الفتاوى ترتيب العطار صـ٢٠ .

منیش دەڵێم لە صەحیحەیندا لە عبداللە ی کوڕی یەزیدەوە هاتوە کەباسی شێوازی دەستنوێژی پێغەمبەری خوا دەکات و دەڵێت: بەیەك مشت ئاو و بەیەك جار ئاوڕادانانە ناو دەم ولووتی پێکەوە دەکرد و ئەم کارەی سێ جار دووبارە دەکردەوە. خ(١٨٦) م(٢٣٥)

**٤- زێدەڕۆیی کردن لە ئاودا لەکاتی دەستنوێژگرتندا:** وەکو زیاد لە سێ جار شۆردنی ئەندامەکان،

پێشەوا بوخاری – ڕەحمەتی خوای لێ بێت – لە فەتحدا (١/٢٨٠) دەڵێت:

" زانایان بە مەکروهیان داناوە زێدەڕۆیی کردن لە بەکارهێنانی ئاودا و زیادە ئەنجام دان لە چۆنێتی دەستنوێژی پێغەمبەری خوا ﷺ ".

لە عبداللە ی کوڕی مغفلەوە رضي الله عنه دەڵێت: پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمووی: " إنه سيكون في هذه الأمة قومٌ يعتدون في الطهور والدعاء "" أحمد وأبو داود . صحيح الجامع الصغير (٢٣٩٦)واتە: لەم ئومەتەدا کەسانێك پەیدا دەبن کە زێدەڕۆیی دەکەن و سنووردەبەزێنن لە دەستنوێژ و دوعادا.

جا ئەو زێدەڕۆیی و لەسنوردەرچوونەش بە شۆردنی زیاد لەسێ جاری ئەندامەکان و زۆربەکارهێنانی ئاوە هەتا رادەی وەسوەسە ودودڵی کردن، جگە لەوەش پێغەمبەری خوا ﷺ کابرایەکی دەشتەکی فێری دەستنوێژگرتن کرد بەسێ جار شۆردنی ئەندامەکان وپاشان فەرمووی: ( هكذا الوضوء فمن زاد على هذا فقد أساءَ وتعدّى ) أحمد وأبو داود والنسائي . صحيح الجامع الصغير (٧٠١٥)

واتە: دەستنوێژ ئابەم شێوەیە دەبێت و ئەوەی زیاد لەمە ئەنجام بدات ئەوا خراپەی کردووە و سنوری بەزاندووە.

٥- **یەکێکی تر لەو هەڵانە بریتیە لە پەنجە نەکردن بەیەکدا وبەتایبەت پەنجەکانی پێ و نەشۆردنی نێوان پەنجەکان لەکاتی دەستنوێژ و غوسڵدا:** جا پێغەمبەری خوا ﷺ دەفەرموێت: " أسبغ الوضوءَ وخلّل بين الأصابع ..." أحمد وأبوداود والترمذي .

واتە: دەستنوێژ بەتەواوی وجوانی بگرە و دەست بخەرە نێو پەنجەکانەوە.

پێشەوا صەنعانی لە کتێبی (سبل السلام)دا دەڵێت: " فەرموودەکە بەڵگەیە لەسەر واجبێتی بەجوانی وبەتەواوی دەستنوێژگرتن بۆ ئەندامەکانی دەستنوێژ ".

وە مستورد ی کوڕی شەداد رضي الله عنه دەڵێت: پێغەمبەری خوام ﷺ بینی کە دەستنوێژی دەگرت پەنجە توتەی دەخستە نێو پەنجەکانی پێیەوە. أبو داود والترمذي .

**٦- تەرك کردنی هەندێ شوێن و ئەندام کە ئاوی پێ ناگات لەکاتی دەستنوێژ و غوسڵدا:**

وە پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: ( ويلٌ للأعقاب من النار ) متفق عليه .واتە: وەیل لە ئاگر بۆ ئەو کەسانەی کە پاژنە پێیان (یان هەرشوێنێك) بەجێ دەهێڵن لەکاتی دەستنوێژدا.

لە فەرموودەیەکی تردا هاتووە کە پێغەمبەری خوا ﷺ پیاوێکی بینی کەبەسر پێیەوە بەئەندازەی نینۆکێك شوێن هەبوو کە ئاوی بەرنەکەوتبوو بۆیە فەرمووی: " بگەڕێرەوە بەجوانی دەستنوێژەکەت بگرە" أبو داود

٧- وە لە ئەنەسەوە دەڵێت: " پێغەمبەری خوا ﷺ کاتی شوارب کورت کردنەوە و نینۆك قرتاندن و بنباڵ و توکەبەر کردنی بۆ دیاری کردین بەوەی کە نابێت لە چل شەو زیاتر بێت " رواه أحمد ومسلم والأربعة .

**٨- دەستنوێژ نەگرتن لە ئاوی زەمزەم و خۆپارێزی کردن لێی و تەیەموم کردن لەبری ئەوە:**

ئەمە لەکاتێکدا خوای گەورە دەفەرموێت: { فإن لم تجدوا ماءً فتيمموا صعيداً طيباً} واتە: ئاوتان دەست ناکەوێت بۆ خۆپاککردنەوە ، ئەوجا ڕووبکەنە ڕووی زەویەکی پاك و خاوێن ، هەردوو دەست و ڕوومەتانی پێ بسڕن و مەسح بکەن.

جگە لەوەش لە پێشەوا عەلیەوە ﷺ هاتووە کە پێغەمبەری خوا ﷺ داوای سەتڵێك ئاوی زەمزەمی کردووە لێی خواردۆتەوەو دەستنوێژیشی لێ گرتووە. أحمد وصححه أحمد شاكر(١٩/٢).

پێشەوا نەوەوی دەڵێت: بەلای ئێمەوە دەستنوێژگرتن بە ئاوی زەمزەم هیچی تێدا نییە، و زانایانی تریش هەروایان وتووە جگە لە ئەحمەد نەبێت لە ڕیوایەتێکیدا و بەڵگەی ئێمەش ئەوەیە کە نەهی نەهاتووە لەو بارەیەوە. فتاوى النووي للعطار رقم (١٢)

**٩- زۆر لە خۆكردنی كەسانێك بۆ نوێژكردن لەكاتێكدا بەزۆر میز یان پیسی گیرداوە واتە تەنگەتاوە،** لەكاتێكدا پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: "لا صلاةَ بحضرةِ طعامٍ ولا وهو يدافعه الأخبثان " مسلم(٥٦٠)واتە: نوێژ نییە (ئەنجام نادرێت) لەكاتی ئامادەبوونی خواردن و تەنگەتاویدا.

هەروەها پێشەوا ابن تیمیە دەڵێت: ئەم نوێژە لەگەڵ تەنگەتاویدا مەكروهە و نەهی لێ كراوە و سەبارەت بە تەواوێتیشی لەوكاتەدا دوو ریوایەتی لەسەرە. الفتاوى ( ٤٧٣/٢١)

**١٠- نەكردن و نەوتنی زیكرەكانی چوونە سەرئاو و هاتنە دەرەوە و خۆ رووت كردنەوە** بە ووتنی : ( أعوذ بالله من الخبث والخبائث ) متفق عليه ، یان وتنی (بسم الله) لەكاتی خۆرووت كردنەوە، ئەوەش لەبەر فەرموودەی: ( ستر ما بين الجن وعورات بني آدم إذا دخلوا الكنيف أن يقولوا بسم الله ) ارواء الغليل (٨٨/١) ، واتە: پەردەی نێوان جن و عەورەتی ئادەمیزدا ئەگەر چوونە سەرئاو ئەوەیە كە بڵێن بسم الله.

وە وتنی (غفرانك) لەكاتی هاتنە دەرەوە، لەبەر فەرموودەی عائیشە كە دەڵێت: ( كان إذا خرج من الخلاء قال ( غفرانك ) )أحمد والترمذي وأبو داود. واتە: پێغەمبەری خوا ﷺ كە دەهاتە دەرەوە لە سەرئاو دەیفەرموو: غفرانك.

**١١- یەكێكی تر لە هەڵەكان بریتیە لە خۆپاك نەكردنەوە لە میز و خۆپارێزی نەكردن لە پرشەكانی و لەهەمان كاتیشدا زیادەرۆیی كردن لەخۆپاك كردنەوە لێی بەشێوەیەك كە لەسنووری شەرع دەردەچێت.**

* بەڵام خۆپاك ڕانەگرتن لە میز و پرشاییەكەی و خۆنەپاراستن لێی یەكێكە لە هۆكارەكانی سزای ناو گۆڕ. لەبەر فەرموودەی: ( عامّة عذاب القبر من البول ) صحيح الجامع

** لەهەمان کاتیشدا زیادەڕۆیی کردن لە خۆپاك کردنەوە لە میز ئەوا وەکو شێخ محمد بن عبدالسلام لە (السنن والمبتدعات)ی قوشەیریدا لاپەڕە ٢٥ دەڵێت:

" یەکێك لە بیدعەی وەسوەسەکاران و فێڵی شەیتان ئەوەیە کەلەبواری میزکردندا ڕوودەدات لە تەکاندنی زەکەر و هەڵبەزودابەزکردن دوای میزکردن و دەست پێنان بە دەمار وبۆڕی میزدا وکردنەوەی کونی زەکەر وئاوپیاکردنی سات دوای سات " دەڵێم: چل هەنگاو یان زیاتر ڕێکردن، هەموو ئەمانە سەردەکێشێت بۆ خۆهیلاککردن و تووشی نارەحەتی کردن و زۆرلەخۆکردن کە ئەمەش زەمکراوە لەشەرعدا.

**١٢- هەندێ لەخەڵکی لایان وایە کە ئەگەر دەستنوێژی گرت وپاشان شتێکی پیس بەر جەستەی یان جلەکانی کەوت ئەوا دەستنوێژی شکاوە:** ئەمەش هەڵەیە و پەیوەندی بە دەستنوێژەوە نییە و تەنها لەسەریەتی دەست بەجێ بیشۆرێت.

**١٣- دیسان هەندێ لایان وایە کە دەرچونی خوێن لە جەستە دەستنویژ دەشکێنێت:** و ئەمەش هەڵەیە ودەستنوێژ ناشکێنێت تەنها خوێنی حەیز ونیفاس نەبێت، بەڵام دەرچوونی خوێن لە برین یان ددان ئەوا دەستنوێژ ناشکێنێت.

**١٤- هەندێ خەڵکی پێیان وایە کە بەرکەوتنی ئافرەت دەستنوێژ دەشکێنێت:** لەکاتێکدا پێغەمبەری خوا ﷺ ماچی خێزانەکانی کردووە و دەستنوێژی نەگرتۆتەوە. أحمد وأبو داود والترمذي وابن ماجه . ئیلا مەگەر ئەو بەرکەوتنە بە ئارەزو و شەهوەتەوە بێت و ئاوی مەزی لەگەڵدا بێتە خوارەوە ئەو کاتە دەستنویژ دەشکێنێت.

**١٥- بەردەوام بوونی ئەو کەسەی کە دەستنوێژی دەشکێت لەناو نوێژدا لەسەر نوێژەکەی و نەبڕینی نوێژ لەبەر شەرم کردن یان نایەوێ ڕیزەکە تێك بدات و تەشویش دروست بکات:** بۆیە لەحاڵەتێکی وەهادا کەسەکە دەبێت دەستبەجێ نوێژەکەی ببڕێت و بیرلەوە بکاتەوە کە ئەو ئێستا بێ دەستنوێژە وپاك نییە بۆ نوێژکردن وبڕوات سەرلەنوێ دەستنوێژ بگرێتەوە و ئەوەندەی فریا دەکەوێت نوێژە جەماعەتەکەی تەواو بکات، بەڵام ئەگەر نەیتوانی هەستێت وبڕوات دەستنوێژ بگرێت لەبەر ئەوەی بەدانیشتنەوە نوێژ دەکات یان پیروبەتەمەنە و یان هەر حاڵەتێکی تری نەتوانین ، ئەوا دادەنیشێت و شوێن ئیمام ناکەوێ لەنوێژدا بەو شێوەیە دەمێنێتەوە هەتا ئیمام نوێژەکە تەواو دەبێت.

**١٦- زۆرینەی زانایان بۆچونیان وایە کە ئەو نوێژەی لە شوێنێکی پیسدا بکرێت بەتاڵە.** جا ئەگەر پیسیەك تێکەڵی ئاوێك بوو وە بووبەهۆی گۆڕانی ڕەنگی ئاوەکە یان تامەکەی یان بۆنەکەی ئەوا پیسە.

**١٧- دوعا کردن لەکاتی شۆردنی هەندێ ئەندامی دەستنوێژ وەکو ئەوەی لەکاتی شۆردنی دەستی ڕاستدا دەڵێن:** خوایە نامەی کردەوەکانم بەدەستی ڕاستم پێم بدە، وە لەکاتی شۆردنی دەموچاویدا دەڵێت: خوایە رووسپیم بکەیت.... جا پێشەوا ابن القیم دەڵێت: " لە پێغەمبەری خواوە ﷺ هیچ شتێك نەهاتوە سەبارەت بەوەی کە لەکاتی شۆردنی ئەندامەکانیدا دوعای کردبێت جگە لە بسم الله کردن نەبێت، وە هەموو ئەو فەرموودانەی کە باس لە زیکری دەستنوێژ دەکەن بەناوی ئەوەوە ئەوا درۆ و هەڵبەستراوە، و پێغەمبەری خوا هیچ کام لەوانەی نەوتووە و هیچ لەسەری سابت نەبووە جگە لە بسم الله کردن لەسەرەتاوە و وتنی: " " أشهد أن لا إله إلا الله وحده لا شريك له وأشهد أن محمداً عبده ورسوله ، اللهم اجعلني من التوابين واجعلني من المتطهرين في آخره " فهذا ثابت)

**١٨- هەندێ پێیان وایە کە بەتەنها مەلەکردن شوێنی دەستنوێژ دەگرێتەوە** بۆیە مەلەکردن و خۆشۆردن بۆ خۆپاك کردنەوە یان خۆفێنك کردنەوە شوێنی دەستنوێژ ناگرێتەوە.

**١٩- کەمتەرخەمی هەندێ لە ئافرەتان لە دواخستنی خۆشۆردن وغوسل کردن لە جیماع و حەیز** کاتێك کە پاك دەبێتەوە لەشەودا هەتا خۆردەرچێت.

ئەمەش دروست نییە بە یەکدەنگی زانایان چونکە نوێژ دروست نییە ونابێت لەکاتی خۆی دەربکرێت و نەکرێت بەئەنقەست و ئەو کارە لە تاوانە گەورەکانە.

**٢٠- نەفامی و نەزانی ژنان وپیاوان دەربارەی حوکمەکانی حەیز وخوێن هاتن ( استحاضة ) و جیاوازی نەکردن لەنێوانیاندا:** وە دەبێت ئەوە بزانرێت کە ئافرەتی ( مستحاضة ) سێ حاڵەتی هەیە، وە حوکمەکانی وەکو حوکمی پاکێتی وەهایە جگە لەوەی کە واجبە بۆ هەر نوێژێك دەستنوێژێکی تازە بگرێت و شوێنەواری خوێنەکە بسرێت و شتێك بخاتە سەر شوێنی خوێن هاتنەکە و نوێژ بکات، وە دروستە بۆ مێردەکەشی کە نزیکی بێتەوە و جیماع بکات.

**٢١- دوورکەوتنەوەی کەسانی لەشگران و حەیزدار و نیفاس لە قورئان خوێندن و دەستدان لە قورئان،** ئەمە لەکاتێکدا پێغەمبەری خوا ﷺ ( كان النبي يذكر الله على كل أحيانه ) رواه مسلم (١/٢٨٢) . واتە: لە هەموو حاڵەت و کاتێکیدا زیکری خوای دەکرد.

پێشەوا ابن حجر لە الفتح دا (١/٤٠٧) دا دەڵێت: " مەبەستی بوخاری لێرەدا ئەوەیە کە بەڵگە لەم فەرموودەیەوە وەربگرێت بۆ دروستێتی قورئان خوێندن بۆ حاڵەتەکانی لەشگرانی و حەیز " وە جگە لەوەش هەریەك لە پێشەوایانی وەکو مالك و داود و ابن المسیب و ابن المنذر بە دروستیان داناوە بۆ حەیزدار قورئان بخوێنێت.

بەڵام فەرموودەکەی ابن عومەر کە دەڵێـت: ( لا تقرأ الحائض ولا الجنب شيئاً من القرآن ) ئەوا پێشەوا ئەحمەد و بەیهەقی و ابن أبی حاتم بە لاوازیان داناوە و تەنانەت ابن القیم دەڵێت:

" ئەو فەرموودەیە صەحیح نییە چونکە مەعلولە بە یەکدەنگی فەرموودەناسان " اعلام الموقعين (٢٣/٣)

هەروەها ابن حجریش لە الفتح دا (٤٠٩/١) و نەوەوی لە (المجموع)دا ئەم فەرموودەیەیان بەلاواز داناوە.

بەڵام دەست دان لە موصحەف بۆ هەموو کەسێك ئەوا هەریەك لە ابن عباس وشەعبـی و زەیدی کوڕی عەلی و داود و ابن حزم و سەعیدی کوڕی جوبەیر وجگە لەوانیش بە دروستیان داناوە و ڕێگەیان داوە بەو کارە، وە لە وەڵامی ئەو فەرموودەیەی کە دەفەرموێت: ( لا يمس القرآن إلا طاهر ) دەڵێن: ماناکەی واتە نابێت کەس دەست بدات لە قورئان تەنها کەسی باوەڕدار نەبێت، چونکە هەر لە فەرموودەدا هاتووە کە ( أن المؤمن لا ينجس ).

**٢٢- وەسوەسە لە کاتی دەستنوێژدا :** ئەوەش بە زیادکردنی ژمارەی شۆردنەکان لە سێ جار زیاتر و هەبوونی گومان لە دەستنوێژدا: و ئەمەش بریتیە لە وەسوەسەی شەیتان، وە پێغەمبەری خوا لە سێ جار زیاتری نەکردووە.

**٢٣- یەکێکی تر لەو هەڵانە:** وەکو لە ابن عومەرەوە هاتووە کە دەڵێت: ( أن رجلاً مرَّ ورسول الله يبول ، فسلم عليه فلم يرد عليه ) رواه مسلم

واتە: پیاوێك بەلای پێغەمبەری خوادا ﷺ تێپەڕی کەلەو کاتەدا میزی دەکرد، سەلامی لە پێغەمبەری خوا کرد بەڵام وەڵامی نەدایەوە.

**٢٤- تەرك كردن ونەكردنی نوێژ بۆ ئەو ئافرەتانەی كە لە نیفاسدان كاتێك پێش چل ڕۆژ پاك دەبنەوە:** جا بۆیە كاتێك ئافرەت پێش چل ڕۆژ لە نیفاس پاك بێتەوە واجبە لەسەری دەست بە نوێژەكانی بكاتەوە و ئیتر لەحاڵەتێكی پاكدایە تەنانەت جیماعیش.

**٢٥- یەكێكی تر لەو هەڵانە مەسح كردنی ملە لە دوای دەستنوێژ:** شێخی ئیسلام ابن تیمیە لە الفتاوى دا (٥٦/١) دەڵێت: " هیچ بە صەحیحی نەهاتوە لە پێغەمبەری خواوە كە مەسحی ملی كردبێت لەكاتی دەستنوێژدا و ئەو كارەی لە هیچ فەرموودەیەكی صەحیحدا لێوە نەگێڕدراوەتەوە، بۆیە زۆربەی زانایان ئەو كارەیان بە سوننەت دانەناوە، و ئەوەی مەسحی مل نەكات ئەوا دەستنوێژەكەی تەواوە بە اتفاقی زانایان، و فەرموودەی: " ( من توضأ ومسح عنقه لم يُغل بالأغلال يوم القيامة ) ئەوا پێشەوا نەوەوی لە المجموعدا (٤٨٩/١) دا دەڵێت: ( هذا موضوع )

**٢٦- یەكێكی تر لە هەڵە باوەكان بریتیە لە ڕووكردن یان پشت كردن لە قیبلە لەسەرئاودا:** ئەمە لە كاتێكدا پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: ( إذا أتى أحدكم الغائط فلا يستقبل القبلة ولا يولِّها ظهره ) رواه البخاري .واتە: ئەگەر یەكێكتان چووە سەرئاوكردن ئەوا با نە ڕوو لە قیبلە بكات و نە پشتیشی تێ بكات.

پێشەوا ابن حـزم لە المحلى دا (مسألە ١٤٦) دەڵێت: دروست نییە ڕوو كردن و پشت كردن لە قیبلە بۆ لەكاتی پیسی و میزكردندا، نە لە ناو بیناداو ونە لە چۆڵەوانی ودەشتیشدا. پاشان ئەو فەرموودەیەی پێشوو دەهێنێتەوە وەكو بەڵگە.

لە صەحیحەینیشدا ئەبو ئەیوب كە گێڕەرەوەی فەرموودەكەی پێشوە دەڵێت: " چووین بۆ شام و بینیمان سەرئاوەكان بەرەو ڕووی قیبلە دروست كراوە، ئێمەش ڕوومان وەردەگێڕا و داوای لێخۆشبونمان لەخوا دەكرد ".

**٢٧- نەكردنی دوعای چوونە ژوورە و هاتنە دەرەوەو هەروەها بسم الله كردن:** لەكاتێكدا پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: " سترُ ما بين الجن وعورات بني آدم إذا دخل الخلاء أن يقول بسم الله "" أبو داود وابن ماجه ، وهو في الإرواء رقم (٥٠) . واتە: پەردەی نێوان جن و عەورەتی ئادەمیزاد بسم الله كردنە لەو كاتەی كە دەچنە سەرئاو.

وە ئەنەس دەڵێت: پێغەمبەری خوا ﷺ كە دەچووە سەرئاو دەیفەرموو: ( كان النبي إذا دخل الخلاء قال : اللهم إنيّ أعوذ بك من الخبث والخبائث ) متفق عليه .

وە هەروەها عائیشە دەڵێت: پێغەمبەری خوا ﷺ كە لە سەرئاو كردن دەبویەوە ودەهاتە دەرەوە دەیفەرموو: ( غفرانك ) د. ت صحيح سنن أبي داود (٢٤٤)

وآخر دعوانا أن الحمد لله رب العالمين